# د.کەماڵ سەید قادر بە تەمای ڕێبوار عارف بێت پێستی دەگاتە دەبەخانە

ئازادی خوازێك

لەم ڕۆژانەدا ئەم بەیاننامەیەی خوارەوە لە لایەن ڕێزدار ڕێبوار عارفەوە دەرچوو , ئەوەی بەلامەوە جێی سەرنج بوو ئەم جارەش ئەم بەڕێزە سەرۆکی کەمپینێك بوو بە ناوی کەمپینی ئازادکردنی د.کەماڵ سەید قادر , زگم بەو سایتانە و ژوری پاڵتاکی یونایتید و ناوەندی چاك و ئەو دنیا نووسەرە سوتا ئەوە 17 ڕۆژە وا کار ئەکەن , خۆیان خەریك ئەکەن , ڕەنجدەدەن , پەیوەندی دەکەن بۆ ئازادکردنی د.کەمال , لەملاوە کاك ڕێبوار تەنها بە نووسینی یەك بەیاننامە , بوو بە سەرۆکی کول , من ئەوەندەی ئاگادارم کاك ڕێبوار سەرۆکی چەندین کەمپین و ڕێکخراوە , لە هەمووی سەرۆکە , تەنها لە یەك دانەش ئەندام نییە , ئەو بە شەرتی سەرۆکی نەبێت حەرەکەت ناکات , ئەمیان تەواو ناکات پەلاماری یەکێکی تر دەدات , دەڵێی بەشی دەخورێت . فەقیرە سەرۆکی کەمپینی دادگایی سەدام بوو , بەڵام وەك من لە تەلەفزیۆنەوە دادگاییەکەی بینی , سەرۆکی کەمپینی دادگایی د.کەماڵە بەڵام هێشتا نقەو جقەی نەکردووە و دوای 12 ڕۆژ ئاگادار دەبێتەوە دەبێتە سەرۆك (( لە بێخەبەران کەشکەك سەڵاوات)) .

سەدامی ڕەحمەتی ئەمین عامی قیادەی قوتری , قەومی , مەجلس قیادەی سەورە , سەرۆك کۆمار , سەرۆکی هێزە چەکدارەکان , سەرۆکی وەزیران .... بوو . کاکە ڕێبواریش لەو زیاتر پلەو پایەی لە سەرۆکایەتی کەمپینەکان داگیرکردووە .

ئێوەو پەیامە گرنگە مێژووییەکەی ڕێبوار عارف سەرۆکی کەمپینی ئازادکردنی د.کەماڵ .

# پێویستە دکتۆر کەمال دەستبەجێ ئازاد بکرێت !

دکتۆر کەمال لەگەڵ گەڕانەوەیدا بۆ کوردستان لە شاری هەولێر لە لایەن دەزگا ئاسایشییەکانی پارتیەوە بێ سەرو شوێنکرا، بۆ ماوەی دوو هەفتەو تاکو ڕۆژی 11/5 هیچ زانیارییەک نەبوو لەپەیوەند بە جێگاو ڕێگاو شوێنی دکتۆر کەمالەوەو لەم ڕۆژەدا لەلایەن تەها بەرواری نوێنەری ئیدارەی هەولێر لە ئەورووپا لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ رادیۆی هاوپشتی لە سوید ئاشکرای کرد کە دکتۆر کەمال لای پارتی دەستگیر کراوە.

من ئیدانەی ئەم شێوازو مامەڵەی پارتی لە پەیوەند بە بێ سەروشوێنکردنی دکتۆر کەمالەوە دەکەم، کە ڕاستەوخۆ هەنگاوێکی دژ بە ئازادی سیاسیو ئازادی ڕادەربڕینەو تەنانەت خستنە ژێر پێی بەندەکانی ئەو دەستورەیە کە مانگێک نابێت سەپاندیان بەسەر خەڵکدا.

دکتۆر کەمال پێویستە ئازاد بکریت. من ویرای ئیدانە کردنی ئەم هەنگاو و مامەڵەی پارتی دیموکراتی کوردستانو ئیدارەکەی لەشاری هەولێر، داوام لەتەواوی حزبو ڕێکخراوەو هەروەها و ئینسان دۆستانو ئازادیخوازان لەدەرەوەو لە ناوەوە هەیە کە ئەم هەنگاو مامەڵەیەی پارتی ئیدانە بکەنو فشار بخەنە سەر پارتی دیموکرات کە دەستبەجێ دکتۆر کەمال ئازاد بکات.

**ڕێبوار عارف**

**بەرپرسی کەمپینی ئازادکردنی دکتۆر کەمال**

2005/11/7

fediraq@welho.com

0770 156 9028